٢٠٢٣ / ١ / ٣٠

# ڕۆڵی سیاسی دادگەی دەستووریی: تێگەیشتنێکی قوڵتر بۆ فەلسەفەی حوکمڕانیی

**حەسەن مستەفا**

قوتابی دکتۆرا لە فەلسەفەی دەستوور. زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان.

هاوەڵی پێشکەوتووی پەیمانگەی میدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی

**معهد میدتریانة للدراسات الإقلیمیة**

Mediterranean Institute for Regional Studies

www.mirs.co

**پەیمانگەی مێدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی- MIRS**، دامەزراوەیەکی نا حکومی ئاکادیمی یە، گرنگی ئەدات بە توێژینەوە لە بواری سیاسەتە گشتییەکان، هاوکات خۆی بە لایەنێکی گرنگی کارکردن ئەزانێت بۆ لێکۆڵینەوە لە بارەی ئاسایشی وزە، بیناکردنی ژێرخانی ئابوریی و سیاسی و کێشە ناوچەییەکان. لەم چوارچێوەیەدا، هەڵسەنگاندن و ڕاوێژکاریی ئەنجام ئەدات. هەروەها خوازیارە لە ئاستی جیاوازدا بەشداری زانستی بکات لەو گفتوگۆیانە سەبارەت بە ئێستاو ئایندەی سەرچاوەکانی وزە، ئاسایش و سەقامگیریی هەرێمایەتی، بونیادنانی ئاشتی و ئاسایشی مرۆیی لە ئارادایە، هەروەکو بوارەکانی کارکردن بە سێ زمانی کوردیی و عەرەبی و ئینگلیزیی لە وێبسایتی فەرمی ئینستیوت دا ئاماژە پێدراوە (www.mirs.co).

# ڕۆڵی سیاسی دادگەی دەستووریی: تێگەیشتنێکی قوڵتر بۆ فەلسەفەی حوکمڕانیی




**حەسەن مستەفا/** قوتابی دکتۆرا لە فەلسەفەی دەستوور. زانکۆی سۆران/ فاکەڵتیی یاسا و زانستە سیاسییەکان. هاوەڵی پێشکەوتووی پەیمانگەی میدیتریانە بۆ توێژینەوەی هەرێمایەتی

hassan.mustafa@soran.edu.iq

## ناساندنێکی گشتی

زیاتر لە سەد ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، سیاسەتمەدار و یاساناسی ئەمریکی (چارلس ئیڤانز Charles Evans Hughes) و یازدەهەمین سەرۆکی دادگەی فیدراڵی ئەمریکا، لە گوزارشتێکی بەناوبانگیدا لەبارەی ڕۆڵ و ئەهمییەتی دادگەی دەستووری گووتوویەتی; *"ئێمە لە ژێر چەتری دەستووردا دەژین، بەڵام دەستوور ئەوەیە کە دادگە و دادوەرەکان بۆ ئازادییەکان و سەروەت سامانمان بڕیاری لێدەدەن".* وەک بنەمایەکی گشتی و جێگیر لە یاسای دەستووریدا، ئەرکی پارێزگاریکردن لە شکۆمەندی دەستوور و پاراستن و گەرەنتیکردنی ماف و ئازادییەکان بە دادگەی ئەنجوومەنەکانی دەستووری دەسپێردرێن. ئەم پارێزگاریکردنەش لەرێگەی پێداچوونەوەی دەستووری (Constitutional Review) ی بۆ ئەو یاسایانەی کە پێچەوانەی دەق و بنەماکانی دەستوورین، ئەم پرۆسەیەش ڕێگە و شێوازی جیاواز ئەنجام دەدرێت، یان ئەوەی ئەنجوومەنیکی دەستووریی (Constitutional Council) بەر لە دەرچوونی یاساکان پیداچوونەوە بە یاساکان دەکات، یاخود لەلایەن دادگە و دامەزراوەیەکی دادوەری (Constitutional Tribunal) دوای دەرچوونی یاساکە، پێداچوونەوە بە دەستووریبوونی یاساکان دەکرێت، زۆرجار ئەم سیستەمە بە سیستەمێکی "ناوەندی Centralized" یاخود سیستەمی "ئەوروپی"یش گوزارشتی لێدەکرێت، بەو پێودانگەی لەلایەن یاساناسی نەمسایی (هانس کێلسن Hans Kelsen) پێشنیارکراو و لە وڵاتانی ئەورووپی وەک نەمسا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا و ئیسپانیا و چەند وڵاتێکی دی پەیڕەوی لێدەکرێت.

ئەگەرچی لە دونیای مۆدێرندا سیستەمی دوانەیی و تێکەڵاویش سەریهەڵداوە کە تایبەتمەندییەکانی هەردووک سیستەمەکە لەخۆ دەگرێت و بە (Hybrid Constitutional Review)

ناوەزەند دەکرێت. گرنگیبوونی ئەم دادگە و دامەزراوە دەستوورییە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەستوور وەک دەقێکی زیندوو ڕۆڵی کارا بگێرێت لە بونیادنانی حوکمڕانی دەستووری دا.

دادگە و ئەنجوومەنەکانی دەستووری، وێڕای ڕۆڵیان لە پاراستنی ڕەوایەتی یاسایی و چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاسا و ڕێنمایی و بڕیارەکان و پاراستنی ماف و ئازادییەکانی تاک، هاوکات رۆلێکی بەرچاویان هەیە لە پەرەپێدانی سیستەمی دیموکراسیی و چارەسەکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان و بەدیهێنانی سەقامگیری سیاسی، چونکە دادوەری دەستووری لەکاتی ڕوانینی لە ناکۆکییە دەستوورییەکان، لە جەوهەردا دەڕوانێتە تێکستێکی سیاسی کە خراوەتە چوارچێوەیەکی یاسایی، بەو واتایەی، بەر لەوە دادوەر وەک تێکستێکی یاسایی سەیری دەستوور بکات، پێویست دەکات کە بانکگراوەندێکی قوڵی سیاسی لەبارەی فەلسەفەی حوکمڕانیدا هەبێت، بە تایبەتی لەو ڕوانگەیەی، دەشێت دەستوور بنەما و پرەنسیپی ناڕوون لەخۆ بگرێت یاخود توانای خوێندنەوەی بارودۆخی سیاسی و ئابووری و جڤاکی نەبێت، لە وەها دۆخێکیشدا، پێویست دەکات دادوەری دەستووری خاوەنی شارەزای و لێهاتوویەکی هونەری بێت بۆ تەفسیرکردن و گونجاندانی دەقەکان لەگەڵ ڕووداو و پێشهاتەکان، ئەم هونەرەش، لە دیدی دەستووریناسانی سەردەم بە چەمکەکانی وەک (The Judicialization of Politics) ، ( The Judicialization of Mega-Politics) (دادوەری سیاسی political judiciary) یاخود دادگەی سیاسی وێناکراوە، بەو پێودانگەی سیاسیەت بریتییە لە هونەری حوکمڕانیکردن و ڕۆڵی سیاسی دادوەریش لە چارەسەرکردنی ناکۆکییە سیاسییەکان بەدەردەخات.

**یەکەم: دادگەی دەستووریی و دادپەروەری دەستووری**

ئەگەر سەدەی هەژدەهەم، سەردەمی سیستەمی پەرلەمانی بوو بێت، ئەوا سەدەی بیست، سەردەمی دادپەروەریی دەستوورییە. ئەم تێگەیشتنە بە قوڵی لە هزری لە دەستووریناس و

پرۆفیسۆر ئیتاڵی (ماریۆ کاپیلێتی Mauro Cappelletti)، ئامادەیی هەیە، دادپەروەری دەستووریش لە دیدی بیرمەندی فەڕەنسی (فرانسیس هامۆن Francis Hamon )، بەندە بەو دامەزراوە دەستوورییەی کە بەمەبەستی چارەسەرکردنی ناکۆکیی دەستووریی یاخود شرۆڤە و لێکدانەوە بۆ ئەو دەق و تێکستانەی بەهایەکی دەستووریان هەیە، پارێزگاریکردن لە شکۆی دەستووریی پێ دەسپێردرێت.

لەم ڕوانگەیەوە، دادوەری دادگەی دەستووری، لەڕووی چاودێریکردنی دەستوورییەتی یاساکان و مومارەسەکردنی کاری دادوەری دەکەوێتەبەردەم چەندین ڕووداو واقیعی سیاسی، بەم شێوەیەش جەوهەری سیاسەتی دادوەری وا دەخوازێت کە دادوەر خوێندنەوەیەکی وردی بۆ تیۆرە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. ئەم جۆرە تێگەیشتنە، بە واتای بەسیاسیبوونی دادگەی دەستووری (Politicizing the Supreme Court) نایەت کە بنەمایەکی گرنگی سەربەخۆیی و بێلایەنیی سیستەمی دادوەرییە، بەڵکوو بەگەڕخستنی ڕۆڵی دادگەی دەستوورییە لە ژیانی سیاسی دەوڵەتدا. بە واتایەکی تر، ملکەچبوونی دادگەی دەستووری بۆ ویست و ئیرادەی یەکێک لە دەسەڵاتە سیاسییەکان و ویست و ئامانجێکی بەرتەسکی پارتێکی سیاسی، جیاوازە لەگەڵ بەشداری کارای دادگەی دەستووری لە بەڕێوەبردنی دەوڵەت و هێنانەدی بەرژەوەندی جڤاک بە مەفهومی سیاسەتی گشتی. وەسیقەی دەستووری، سروشتێکی تایبەتی هەیە کە لە کۆی دەقەکانی دیکەی یاسایی جیادەکاتەوە، ئەمەش وا دەکات ڕۆڵی دادگەی دەستووری لە دادگە ئاساییەکانی دیکە جیاواز بێت، چونکە دەقەکانی دەستووری لە جەوهەردا چارەی پسپۆرییەتی دەسەڵاتەکانی دەوڵەت و وێنای سنووری دەسەڵاتەکانیان دەکێشێت، بەهۆی گشتگیری فرەیی پرەنسیپەکانی دەستووریی، دادوەر دەکەوێتەبەردەم تەفسیر و لێکدانەوەی فرە ڕەهەندەوە، بەمەش دەرگای تەفسیر و مومارەسەکردنی دەورێکی داهێنەرانە بەڕووی دادوەر

دەکاتەوە کە کاریگەری لەسەر سیاسەتی گشتی دەوڵەتداری و گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری و جڤاکی هەبێت.

ڕۆڵی سیاسیی دادوەری دەستووریی (دور السياسى للقضاء الدستورى)، لە بەرانبەریدا کۆمەڵێک چەمکی دیکەی وەک (Judicialization of politics) و (Judicialization of Mega-Politics) بۆ گوزارشت دەکرێت کە بە واتای گواستنەوەی بڕیاردانی دادوەری و ڕێکارەکانی دادگا بۆ ناو گۆڕەپانی سیاسیی دێت یاخود پشتبەستن بە دادگە و دامەزراوەی دەستووری و دادوەرەکان بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ 'مێگا-سیاسەت' و کێشە و ململانێ و مشتومڕە سیاسییەکان.

بە واتایەکی تر، مەبەست لە ڕۆڵی سیاسی دادگە، کارکردنە هاوشێوەی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی وەک یاسادانان و جێبەجێکردن، چونکە تەشریع و پرۆسەی یاساکاری لە بنەڕەتدا (سیاسەت)ە، بەرێوەبردنی حکومەت و دەسەڵاتی جێبەجێکردن لە جەوهەردا (سیاسەت)ە، ئەم تێگەیشتنە هاوکۆکە لەگەڵ دیدی فەیلەسووفی فەرەنسی (میشێل فۆکۆ) کاتێک لەبارەی پێگەی سیاسەت لە ژیانی مرۆڤی هاوچەرخدا دەڵێت; (سیاسەت لە ناو هەموو شتێکدایە) ، یاخود لە دونیای مۆدێرندا (هەموو شتێک سیاسەتە)، ئەم تێگەیشتنە ڕامانە لەوەی لە هەر شوێنێکدا پەیوەندی هێز و دەسەڵات هەبێت، لەوێدا سیاسەت بە قوڵی ئامادەیی هەیە. دەسەڵاتی دادوەریش هاوشێوەی ئەم دەسەڵات دامەزراوەکانی دیکەی دەستووری، چوارچێوەی کارکردنی فراوان دەبێت و لە چوارچێوەی چاودێری دادوەری ناوەستێت، بەڵکوو سیاسەتی داوەریکردن، ڕۆڵ دەبینێت لە فەزای گشتی و ڕەوایەتیدان بە کردەی سیاسەت و ڕۆڵ بینین لە چارەکردنی قەیرانەکان و جێبەجێکردنی سیاسەتی دەستووریی (Constitutional Policy) لە هێنانەدی هاوسەنگی لە دەوڵەتی فرە نەتەوەیی و فیدرالیدا. بەو واتایەی دادگەی دەستووری، یاسا و دەستوور وەکو سیاسەتێک بەکاردێنێت بۆ هێنانەدی هاوسەنگی دەسەڵاتەکان و ڕوونکردنەوەی ناڕوونییەکان و

لادانی بەربەستەکانی ئازادی فەردی و دەستنیشانکردنی پێگەی یاساییان، ریگریکردن لە سەرپێچیی و زێدەڕۆییەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لەسەر مافە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتیان.

کاتێک دادگەی دەستووری مومارەسەی پسپۆڕییەتی (تەفسیرکردنی) دەقەکانی دەستوور دەکات، ئەوا مومارەسەی ڕۆڵێکی سیاسی ئیجابی دەکات، چونکە ئەرکەکەی لە ڕونکردنەوەو کەشفکردنی مانا و دەلەلاتی ریساکانی دەستووری کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو ڕۆڵەکەی بۆ هینانەکایەی مانا و  ریسا و پرەنسیپی نوێی دەستووری درێژ دەبێتەوە، ئەمەش لە پێناوی زاڵبوونی بەسەر کێشە و گۆڕانکاری، هەمواری دۆخە جێگیر و چەقبەستووەکان ، گونجان لەگەڵ گۆڕانە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانییەکان. بەم ڕۆڵەشی، دەستوور وەکو دەقێکی زیندوو و گونجاو لەگەڵ زەمان و مەکانی جیاواز خۆی وێنا دەکات.

بۆیە تێرمی (تەفسیر) وەک تێرمێکی یاسایی، بە مانا تەفسیری حەرفی نایەت، چونکە تەفیسری حەرفی بۆ دەقەکانی دەستوور هاوواتایە لەگەڵ وەرگێرانی دەق، تەفسیری ڕاستەقینە بە مانا هزرییەکەی، دەرخستنی ویست و نییەتی یاسادانەری دەستووریی و ئەو فەلسەفەیە کە خۆی لە پشت دارشتنی دەقەکانەوە حەشارداوە، هەروەک چۆن زۆربەی داگە دەستوورییەکانی وڵاتانی پێشکەوتووەکانی، جەخت لەوە دەکەنەوە کە رۆڵی دادگەکانی فیدراڵی لە تەفسیرکردنی دەقەکانی دەستوور بە تەنها ڕوونکردنەوەی ناڕونییەکانی دەقی دەستووری نییە، بەڵکوو لێوردبوونەوەیە فەلسەفەی دەستوور و هێنانەدی سەقامگیری. بۆیە دادگەی دەستووری بە تەنها دادگەیەکی جێبەجێکاری نییە، بەڵکوو دادگەیەکە بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان مەشروعییەتی دەستووری و گەرەنتی پابەندی دەسەڵاتەکانی دەستووری  و پارێزگاریکردن سەقامگیری و پاراستنی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی دەوڵەت. کەواتە، پێویستە لەسەر دادوەری دادگەی دەستووری، لە

چوارچێوەی سیستەمی سیاسی و ئابووری و جڤاکی، رۆڵی بەرچاو بگێرێت لە بەرەنگاربوونەوەی قەیرانە سیاسی و ئابوورییەکان، خوێندنەوەیەکی ورد و قوڵ بۆ کاردانەوەو دەرهاوێشتەکانی دوای حوکم و بڕیارەکانی بکات، چونکە هەر جۆرە بڕیارێکی لە گۆشەیەکی تیۆری تەسکەوە، قەیرانی سیاسی و ئابووری و جڤاکی قوڵتری لێدەکەوێتەوە، بە شێوەەش وەزیفەی دادگەی دەستووری لە پاراستنی هاوسەنگی مەشروعییەتی دەستووری و پاراستنی بەرژەوەندییەکان و سەقامگیری سیستەم و داڕشتنی سیاسەتی گشتی، دە گورێت بۆ هێناکایەی قەیرانی قوڵتری سیاسی و ئابووریی و جڤاکی.

**دووەم: پارادیمەکانی ڕۆڵی سیاسی دادگە و ئەنجوومەنەکانی دەستووریی لە ڕوبەڕووبوونەوەی قەیرانەکاندا**

به گەڕانەوە بۆ ڕووداوە مێژووییەکانی دەستووریزمی جیهانی، چەندین کەیسی دەرخستنی رۆڵی سیاسی دادگەی دەستووری لە ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانە سیاسی و ئابووری و جڤاکییەکان ئامادەیان هەیە، لە دیاترین ئەو کەیسانەش، گامبێتەکەی ژەنەڕاڵ و سیاسەتمەداری فەڕەنسی (شارل دیگۆل De Gaulle’s gambit)ە لە ساڵی کاتێک لە ساڵی1962 سەبارەت بە ریفراندۆمی هەموار و چاکسازی دەستووری بەمەبەستی گۆڕانکاری لە میکانزمی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆک بەڕێگەی کۆمەڵێک نوخبەی هەڵبژێردراو (Electoral College of Elites) بۆ شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی وڵات بەرێگەی هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە، ئەنجامدا. ئەگەرچی ئەم هەوڵەی دیگۆل کەوتە بەردەم بەرپەچدانەوەو دژایەتیکردن وەک کودەتایەکی دەستووری وێناکرا، بەڵام دواجار بە بەلەبەرچاوگرتنی ڕووداو و بارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی ئەوسای فەرەنسا، ئەنجوومەنی دەستووری گامبێتەکەی دیگۆلی بە کودەتای دەستووری هەژمار نەکرد و وەک هەولێک بۆ پاراستنی

بەرژەوەندی گشتی و سەقامگیری سیاسی لە قەڵەمدا. لە کەیسە نوێیەکانی دەوری سیاسی دادگەی دەستووری لە چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و یاسایی و ئابوورییەکان، کەیسی دادگەی دەستووری ڤەنزویلایە، لە دۆسیەی ناکۆکی نێوان سەرۆک کۆمار و سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی لەبارەی گرێبەستەکانی فرۆشتنی نەوتدا، دادگە بە مومارەسەکردنی رۆڵی سیاسیی لە پێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی دەوڵەت لە 2017/3/29 دەسەڵاتی فرۆشتنی نەوتی لەلایەن سەرۆکی وڵاتی بە ڕەواو دەستووری هەژمار کرد.

لە دونیای ئەمڕۆشدا، رۆڵی سیاسیی دادوەری دەستووری لە کەیس و کێشە دەستوورییەکان، بەشێوەیەکی بەرچاو ڕووی لە زیادی کردووە، لە کەیسەکانی نوێ و سەردەمی سەبارەت بە بابەتگەلێکی وەکو; دەرئەنجامی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٠، هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی مەکسیک لە ساڵی ٢٠٠٦، شەڕی چیچان، کودەتای سەربازی بە سەرۆکایەتی پەروێز موشەڕەف لە پاکستان، پێگەی ئەڵمانیا لە یەکێتی ئەوروپا، دووڕیانەکانی دادپەروەری چاکسازی لە ئەمریکای لاتین، ئەوروپای دوای کۆمۆنیستی، ئەفریقای باشووری دوای جیاکاری و ڕەگەزپەرستی، سروشتی سێکیۆلاریومی سیستەمی سیاسی تورکیا، پێناسەی بنەڕەتی ئیسرائیل وەک "دەوڵەتی دیموکراتی جوولەکە". یاخود داهاتووی سیاسی کیوبیک و فیدرالیزمی کەنەدا: هەموو ئەمانە و چەندین "پارادایمی" و کەیسی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی شورای دەوڵەتی میصری لەلایەن دادگەی دەستووری باڵای میصری لە ساڵی 2013. دیکە و مشتومڕە سیاسییەکان لە سەرانسەری جیهاندا وەک پرسێکی دەستووری سەیر دەکرێن و دادگەی دەستووری رۆڵی ناوبژیان تیادا دەگێرێت.

ئەم شێوە لە تێگەیشتن لە واقیعی سیاسی و هەوڵدان بۆ هێنانەدی سەقامگیری سیاسی و بەرەنگاربوونەوەی قەیرانەکانی لە حوکم و بڕیارەکانی دادگەی دەستووری ئەمریکا و ئیتاڵیا و

چەندین وڵاتێکی تر بەدی دەکرێت، کە دەلالەت لە ڕۆڵی سیاسی دادگەی دەستووری دەکەن. بە پێچەوانەی لایەنە ئیجابییەکانی ڕۆڵی سیاسی دادگەی دەستووری، زۆرجار کەوتنە ژێر کاریگەری واقیعی سیاسی کاردانەوەی نێگەتیڤی لێدەکەوێتەوە، لەبڕی دەربازبوون لە قەیرانەکان، برینی قەیرانەکان قوڵتر دەبنەوە، وەک ئەوەی لە بەشێک لە حوکم و بڕیارەکانی دادگەی فیدراڵی عێراقی بەدەر دەکەوێت، لەوانەش بڕیاری ژمارە (25/فیدراڵی/2010)ی تایبەت بە ماددەی (76)ی دەستوور سەبارەت بە (مفهوم الكتلة النيابية الاكثر عددا)، هەروەها بڕیاری ژمارە (88/فیدراڵی/2010)ی تایبەت بە دەستە سەربەخۆکان (الهيئات المستقلة) وەک هەوڵێکی دەستوورشکێنی و سەرپێچیکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و بە سیاسیکردنی دامەزراوەکانی دەستووریی، ئەم هەوڵانەی دادگە نەک هەر بە ڕۆڵی سیاسی لە پێناو بەرژەوەندی و سەقامگیری هەژمار ناکرێن، بەڵکوو هەوڵێکن بۆ قوڵکردنەوەی کێشە و قەیران و ناسەقامگیری سیاسی.

**سێهەم: دادگای فیدراڵی عێراق لە نێوان چەمکی ڕۆڵی سیاسی (The Judicialization of Politics) و بە سیاسیبوون (Judicial Politicization) دا**

یەکێک لەو بڕیارانەی دادگەی باڵای فیدڕالی عێراق کە بووبە جێگەی مشتومڕ و دابەشکردنی گۆڕەپانی سیاسی عێراق بۆ دوو بەرەو ئاراستەی جیاواز لەڕووی دەستووریبوون نادەستووریبوون، بە ئایدۆڵۆژیابوون و کەتنە ژێر بارو داکەوتەی سیاسیی و شەرعیەتی دەستووری، بڕیاری ژمای (170/فیدرالی/2022) دادگەکە بوو کە لە ڕێکەوتی 2023/1/25 سەبارەت بە نادەستووریبوونی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە ساڵانی 2021 و 2022 پەیوەندار  بە پێدانی 200 ملیار دینار مانگانە بەهەرێمی کوردستان وەک پێشینە (سلفه) (قرارات تحويل الأموال) بۆ مەبەستی پێدانی موچەی فەرمانبەران.

بڕیارەکەی دادگە فیدرالی عێراق، لەلایەن بەشێک لە ڕەوتە سیاسییەکانی عێراق وەک ڕۆڵ و هەنگاوێکی دیکەی دادگە بۆ پاراستنی ماڵی گشتی وێنا کرا، هاوشێوەی بڕیاری ژمارە (31/اتحادية/امر ولائى/2022) لە ڕێکەوتی 2022/10/17 کە تایبەت بوو بە ڕاگرتنی خەرجییەکانی تایبەتکراو بۆ نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران پاڵپشت بە ماددەی بڕگەی یەکەمی (27)ی دەستووری عێراقی 2005. لە دیدی ئەم ئاراستەیە، بڕیارەکەی دادگە دەستوورییە، چونکە بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران بەبێ پاڵپشتی و سەنەدی یاسایی دەرکراون، بۆیەشە بڕیارەکان ملکەچ دەبن بۆ چاودێری دادوەری و پێویست دەکات دادگە ڕۆڵ ببینێت لە پاراستنی ماڵ و سامانی گشتیی لە دژی ئەو بڕیارانەی کە بەدەر لە ماددەی (11)ی یاسای بوودجە ساڵی 2021 دەرکراون.

بەڵام بە خوێندنەوەو وردبوونەوە لە ناوەڕۆکی ئەم بڕیارەی دادگە، لە چوارچێوەی تەرازووی یاسایی و فەلسەفەی دادگەری و تیۆری "مێگا-سیاسەت" Judicialization Of Mega-Politics، بڕیاری دادگە تێگەیشتن و سەرنجی جیاواز هەڵدەگرێت کە دەتوانین لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورتیان بکەینەوە:

### 3. 1. پاساوە یاساییەکانی نادەستووریبوونی بڕیاری دادگەی فیدراڵی

لە دیدی بەشێک لە شارەزایانی یاسایی و دەستووریی، بڕیاری دادگە نادەستوورییە و سەرپێچییە لە مەرجی بەرژەوەندی (شرط المصلحة) وەکو مەرجێکی شێوەیی بۆ تۆمارکردن و جولاندنی داوای دەستووری لەبەردەم دادگای فیدراڵی عێراقی، چونکە بە گوێرەی ماددەی (4) لە یاسای دادگەی باڵای فیدرالی ژمارە (30) ساڵی 2005ی هەموار کراو و ماددەی (25) و ئەو مەرجانەی کە لە ماددەی (20)ی یاسای پەیڕەوی ناوەخۆی دادگەی فیدراڵی ژمارە (1)ی ساڵی 2020 بەتایبەتی بڕگەی یەکەم کە تیادا هاتووە: پێویستە لەسەرەتاوە تاوەکو کۆتایی دەرچوونی

حوکمی دادگا، داواکار بەرژەوەندییەکی هەنوکەیی (حالة) و ڕاستەوخۆ (مباشرة) و کاریگەر لەسەر پێگەی یاسایی و دارایی و کۆمەڵایەتیی خۆی هەبێت. بەڵام وەرگرتنی ئەم داوایە و دادبینیکردن تیایدا، پێچەوانەی خودی مەرجە ڕێککارییەکانی دادگەی باڵای فیدرالییە کە لە پەیڕەوی ناوخۆیی دادگەدا دەقی لەسەر هاتووە، بەوەی بڕیاریداوە بە پوچەڵکردنەوەو هەڵوەشاندنەوەی بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران بەناردنی شایستەی دارایی لەسەر هەژماری بوودجەی گشتی ساڵەکانی 2021-2022 بۆ مەبەستی پێدانی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان، چونکە ئەم داوایەی ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، مەرجەکانی بەرژەوەندی (شرط المصلحة) لەڕووی هەنووکەیی و ڕاستەوخۆ و کاریگەری لەسەری لەسەر پێگەی یاسایی یاخود دارایی یاخود کۆمەڵایەتی نایگرێتەوە، هەروەک چۆن لە چەندین کەیس و داوا دیکەی یاسایی، خودی دادگەی داوا یاسایی لەم شێوەی ڕەتکردۆتەوە بەهۆی نەبوونی مەرجی بەرژەوەندی.

هەروەها دادگەی باڵای فیدرالی لەڕووی یاساییەوە سەرپێچییەکی تری یاسا و پەیڕەوی ناوەخۆی دادگەکە کردووە کاتێک تانەی داوالێکراو (نوێنەری یاسایی ئەنجوومەنی وەزیران)ی تایبەت بە نەبوونی مەرجی بەرژەوەندی لە داوای داواکار (المدعی)ی پشتگوێخستووە، تەنانەت دادگە لەم بڕیارە دوورو درێژەیدا ئاماژەی بە هۆکاری بڕیارەکە (اسباب قرار) نەکردووەو ئەوەی نەسەلماندووە کە چ پەیوەندییەک لە نێوان مەرجی بەرژەوەندی و داوای داواکاردا (المدعی) هەیە بۆ تۆمارکردنی ئەم جۆرە داواییە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە دادگە بە ئەنقەست و هەبوونی زانیاری و زانین، خۆی لەم مەرجە دزیوەتەوە. هەروەها لەڕوانگەیەکی دیکەوە، ئاراستەی دادگە لە دەرکردنی بڕیارەکەی لەڕووی مەرجی هەڤریکیەوە (الخصومە) ئەشکالییەتی یاسایی لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەگەرچی بڕیارەکان لەلایەن ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقییەوە دەرچوێنراون،

بەڵام زەرەرمەند لەم داوا یاساییە خودی هەرێمی کوردستانە، بۆیە لەڕووی مەرجی خصومە، بانگەشەی ناتەواوییەتی ئەم مەرجە لە داواکەدا بەڕوونی دەردەکەوێت.

### 3. 2. پاساوی سیاسی و رۆڵی سیاسی دادگەی فیدرالی

ئەگەچی بەشێک لە شارەزایانی یاسایی نکۆڵی لە تیۆری *(رۆڵی سیاسی دادوەری دەستووری)* دەکەن، بەو پێودانگەی ئەم رۆڵە کاریگەری نەرێنی لەسەر چاودێری دادوەریی جێدیلێت، لێ بەشێکی دیکەی دەستوورناسانی سەردەم لەو بڕوایەدان، تیۆری نۆرماتیڤی "*ڕۆڵی سیاسی دادگەی دەستووری*" لەو کاتە جێگای بایەخە و ڕەوایەتی دەستووری دەبێت، کاتێک ڕەهاگەرایی پەرلەمان و سەرهەڵدانی دەستگەری و کوتلەکاری لە نێو دەسەڵاتی یاسادانانادا رێگر دەبێت لە دەرچواندنی یاسایەکی پێویست بۆ گونجان و چارەسەرکردنی قەیرانە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکان.

رۆڵی سیاسیی دادوەری دادگەی دەستووری کە پێشی دەگوترێت بە دادوەرییکردنی سیاسەت (The Judicialization of Politics) یەکێکە لە دیاردە هەرە گرنگەکانی حوکمداری کۆتایی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەک لە سەرانسەری جیهاندا، ئەم میتۆدە پشت بە دادگە باڵاکانی نیشتیمانی و ئامرازە دادوەرییەکان دەبەستێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە مۆڕاڵییە بنچینەییەکان، پرسەکانی سیاسەتی گشتی و ململانێ و مشتومڕە سیاسییەکان.

ئەگەر بڕیارەکانی ئەنجوومەنی وەزیران لەڕووی ناردنی شایستەی دارایی بۆ هەرێمی کوردستان سەنەدی یاساییان نەبێت، ئەوا سروشتی ناکۆکییەکە هەوڵێکی سیاسی بوو بۆ گەیشتنە ڕێکەوتن و شکاندن بەستەڵکی سیاسی، بەم جۆرەش رۆڵبینینی سیاسییانەی دادگەی دەستووری ئەگەرێکی دیکەی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان دەبوو، بەتایبەتی لەوڕووەی کە ئەم ڕێکەوتنی نێوان حکومەتی مەرکەزی و هەرێم ئەساسێک بوو بۆ پێکهێنانی حکومەت و کرانەوە بەڕووی

ڕێکەوتن و لێکتێگەیشتنی دیکەی سیاسی، بۆیە دەکرا پرۆگرامی وزاری (المناهج الوزاری) وەک دیکۆمێنتێکی یاسایی باڵاتر لە یاسا و نزمتر لە دەستوور وێنا کرابا (اعلی من القانون واقل من الدستور)، بەتایبەتی لەم ڕووەی کە لە دەقی بەندی (23)ی پەراوی ڕێکەوتنە وزرییەکەدا هاتبوو: ئەم بەڵگەنامە مۆرکراوە بە پاڵپشتی هێزە سیاسییەکان حکومەتی فیدرالی و حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕادەسپێرن بۆ گفتوگۆ و دیالۆگ دەربارەی مەلەفەکانی نەوت و بوودجە تاوەکو تەواوبوونی یاسای نەوت و گاز بەگوێرەی دەستوور لە ماوەی شەش مانگ.

### 3 .3. بۆچی ئەم جۆرە ناکۆکییە پێویستی بە ڕۆڵی سیاسی دادگەی دەستوورییە؟

ناکۆکی دارایی هەرێم و بەغداد یەکێکە لە دۆسییە سیاسییە ئاڵۆزەکان و کەیسێکی تەواو سیاسییە بە ئیمتیاز وەک لەوەی دارایی و ئابووری بێ، چونکە ئەم پرسە لە دەستوور و یاسادا بەشێوەیەکی ئاڵۆز و ناڕوون ڕێکخراوەو لەروێکی دیکەوە خودی سیستەمی فیدرالی و دابەشکردنی دەسەڵاتەکان گرفتێکی دیکەی سیاسی دەستوورییە، هەر یەکە لە دۆسییە و مەلەفەکانی دارایی و نەوت ملکەچ دەبن بۆ تەوافق و ڕێکەوتنی سیاسی، بەمەش باشترین بژاردە خوێندندنەوەو تێگەیشتنی سیاسییانەی دادگەی دەستوورییە بۆ سروشتی ئەم پرس و ناکۆکیانە. ئەم شیوازە لەکاردنی دادگەی لە ئەمریکا ئامادەی هەیە، کاتێک پرسێکی لەم شێوەیە دەخرێتە بەردەم دادگای باڵای فیدرالی ئەمریکا، لە حاڵەتی نەبوونی دەقێکی دەستوری ڕوون یاخود دەقێکی گومانوی و زیاتر لە تەفسیرێک، ئەوا دادگا بە ڕۆڵی سیاسیبیانەی، ڕێکەوتن و سازان و تێگەیشتنی سیاسی دەکاتە سەرچاوە، مادام سروشتی ناکۆکییە سیاسسیە نەوەک یاسایی و دەستووری.

## دەرەنجام

لە چەند دەیەی ڕابردوودا، کەڤەرکردنی سیاسەت بە بەرگی یاسایی و پێدانی ڕەوایەتی دادوەریی، گۆڕانێکی چلۆنایەتی لە گواستنەوەی قووڵی دەسەڵاتی نوێنەرایەتی بۆ دەستە و دامەزراوەی دادوەری بەدیدەکرێت. یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئاراستەکردنی کەیسە سیاسییەکان بۆ دادگاکان و دەستەی دادوەری رۆڵبینینە لە دروستکردنی بڕیاری سیاسی، دادپەروەری چاکسارییەکان، پرۆسکانی هەڵبژاردن و دەرەنجامەکانی، شەرعییەتی رژێم تا دەگاتە سیاسەتی دەستووریی لە حکومەتی فرە ئاست و فرەنەتەوەییدا و هونەری ڕاگرتنی هاوسەنگی و بیناکردنەوەی دەوڵەت. بۆ ئەوەی دەستوور ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی حوکمڕانیی بێت، پێویست دەکات دادگەی دەستووری رۆڵێکی سیاسییانە "وەک هونەری حوکمرانی" بگێرێت، ئەمەش لە پێناو بۆ هێنانەدی هاوسەنگی لە نێوان مەشروعییەتی دەستووری و پێویستی پارێزگاری لە سەقامگیری کۆمەڵگە و ڕووبەڕووبونەوەی قەیرانەکان و جێبەجێکردنی رۆحی دەستوور، چونکە لە بنەڕەتدا، دەستوور هیچ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی حەقیقەتی فیکری باڵای کۆمەڵگە و بارودۆخە سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتییەکانی. ئەم ڕۆڵە سیاسیەی دادگەی دەستووری، لەلایەن یاساناسانی سەردەم وەک هەوڵێکی ئیجابی بۆ گۆڕینی رۆڵی کلاسیکی دادگە بۆ رۆڵی مۆدێرنی ئیجابی وێنا دەکرێت کە وا دەکات دادگەی دەستووری هاوشانی دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن رۆڵی بەرچاو لە سیاسەتی بەرێوەبردنی گشتی دەوڵەت ببینێت. بۆ ئەم مەبەستەش، پێویست دەکات هەوشان لەگەڵ فەزای سەربەخۆی دەسەڵاتی دادوەریی، هاوکات دادوەرانی دادگەی دەستووری نەک هەر وەک دادوەرانی ئاسایی بن، بەڵکوو وەک کاراکتەرێکی کاریگەر، خاوەنی مەعریفە و

تێگەیشتنی باڵا و شارەزای لقەکانی دیکەی مەعریفی بن، تایبەتی فەلسەفەی دەستوور و تیۆرەکانی هزری سیاسی لە کۆنەوە تاوەکو مۆدێرن و پۆست مۆدێرن.

## سەرچاوەکان:

- **بە زمانی ئینگلیزی**


1. Hirschl, Ran, **'The Judicialization of Politics', in Robert Goodin (ed.), The Oxford Handbook of Political Science**" (2011; online edn, Oxford Academic, 5 Sept. 2013.
2. Leahy, James E. (1989) "**The Constitution Is What the Judges Say It Is,**" North Dakota Law Review: Vol. 65: No. 3, Article 5.
3. Andrew Harding, (2017) "**The Fundamentals of Constitutional Courts"**, International IDEA publications.
4. Jean-Philippe Derosier, **"The French People's Role in Amending the Constitution",** The Foundations and Traditions of Constitutional Amendment.
5. Jasdeep Randhawa, (2011) **"Understanding Judicialization of Mega-Politics: The Basic Structure Doctrine and Minimum Core"** Jus politicum - n°6.
6. Bastawisy, A. K. (2022**)." The Judicialization of Mega-Politics in Egypt's Administrative Courts: Insight into The Rulings of the Egyptian State Council (2000-2020)"** [Master's Thesis, the American University in Cairo]. AUC Knowledge Fountain.
7. Benz, Arthur**, Constitutional Policy in Multilevel Government**: The Art of Keeping the Balance, Transformations In Governance (Oxford, 2016; online edn, Oxford Academic, 22 Sept. 2016).

- **بە زمانی عەرەبی:**

7- د. جميلة الشربجي، (2022)، **"الدور السياسي للقضاء الدستوري "دراسة تأصيلية- تطبيقية"**. مجلة جامعة دمشق للعلوم القانونية, 2(2).

8- د.حسين أحمد مقداد، (2018)، **" النظرية المعيارية في الدور السياسي للقاضي الدستوري"**، مجلة الحقوق للبحوث القانونينة والاقتصادية، المقالة 13، المجلد 2.2018، العدد 2.

9- قرار المحكمة الاتحادية العليا 170/ اتحادية / 2022 في 2013/1/25.